ناوتۆمارکردن بۆ بەربژێرانی سەرکایەتی کۆماری ئێران دەکرێتەوە

وەزیری ناوخۆی ئێران ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند: ناونووسی بەربژێرکانی سەرکایەتی کۆمار لە سبەینێوە دەست پێدەکات و بە ماوەی 5 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

ئەحمەد وەحیدی، وەزیری ناوخۆی ئیران ڕایگەیاند: لە حاڵێکدا کە تازەبەباری شەهید بوونی سەرۆک کۆمار و هاوڕێکانین، بەڵام ئەرکی خۆمان جێبەجێ دەکەین، هەروەها دەشێت: لە سبەینێ کاتژمێر 8 بەیانییەوە تا 6ی ئێوارەی هەموو ڕۆژێک بە ماوەی پێنج ڕۆژ بەربژێرکان دەتوانن ناو بنووسن.

وەزیری ناوخۆی ئێران وتیشی: دوای ناونووسین ناسینەوەی شوناسی کەسەکان لە ئێستەی شەرای نیگابان دەبێت و دوای ئەوە، بەربژێرکان بە ماوەی 2 هەفتە دەرفەتیان هەیە بە بانگەشە، هەروەها وتیشی: لە مانگی شەش هەڵبژاردن دەکرێت.